# هەڵسەنگاندنی پەرتوکی بابەتی جیۆگرافیای قۆناغی ئامادەیی

**لوقمان وەسۆ عمر [1]، کاوە عەلی داودی[2]، بەهات عبد الرزاق سعید[2]**

[1] بەشی جوگرافیا، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی پەرتوکەکانی بابەتی جیۆگرافیا بۆ قۆناغی ئامادەیی لە پۆلەکانی (دەیەم و یازدەم و دوازدەم) لە هەر یەك لە ڕەهەندەکانی (پێشەکی و هونەری و ناوەڕۆك و چالاکییەکان)ەوە، بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران هەستاون بە ئامادەکردنی پێوانەیەك کە دوای دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت و جێگیری بە ڕێگای ( الفا کرونباخ- Alpha Cronbach) لە (٤٢) بڕگە پێکهاتووە ، کە بەرامبەر هەر بڕگەیەك (٣) بژاردە دانرا بوو، کە بریتی بون لە (بەکەمی وایە، بە ئاستێکی مامناوەند وایە، زۆر وایە)، هەروەها نمرەکانیان بریتی بون لە (١-٢-٣) بەپێی هەمان ڕیزبەندی، لەم توێژینەوەیەدا توێژەران پێوانەکەیان بە سەر سەرجەم ئەندامی کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا جێبەجێکرد، کە ژمارەیان (٢٢) مامۆستا بوو و لە ئەنجامی توێژینەوەکەماندا دەرکەوت کە بە شێوەیەکی گشتی مامۆستایان پێیان وایە پەرتوکەکانی بابەتی جیۆگرافیای پۆلەکانی (دەیەم و یازدەم و دوازدەم) لە ئاستێکی پێویستدا نییە و کەموکوڕییان تێدایە، هەروەها دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ڕاوبۆچونی مامۆستایان نەبوو بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز – سالآنی خزمەت – پۆلەکان کە وانەی تێدا دەڵێنەوە)، هەروەها دوای دیاریکردنی تێکڕای یەکلاکەرەوە و کێشی سەدی بۆ بڕگەکانی ڕەهەندەکان دەرکەوت کە پەرتوکەکان کۆمەڵێك کەموکوورییان تێدایە، بۆ نمونە نەبونی ڕێنمایی بۆ مامۆستا و کەمی پرسیارەکانی ناوەڕۆك و دیزاینی بەرگی دەرەوەی پەرتوکەکان سەرنجڕاکیش نین...هتد، لە کۆتایشدا توێژەران بەپێی ئەنجامەکان چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێکیان پیشکەشکرد.

**وشە سەرەکییەکان:** پەرتوك، قۆناغی ئامادەیی، هەڵسەنگاندن، وانەی جوگرافیا، ئەلفاکرۆنباخ

## ١. پێشەکی

پەرتوکی خوێندن بە گشتی و بابەتی جیۆگرافیا بە تایبەتی لە قۆناغی ئامادەیی ، یەکێکە لە سەرچاوەکانی گەیشتن بە زانیاری بۆ خوێندکارانی هەر کۆمەڵگایەک، بەم پێودانگە تیشک دەخەینە سەر کێشەکانی لێکۆڵینەوە لە پەرتوکەکانی جیۆگرافیا کە ئاخۆ تا چەند ئەم داتا و زانیارییانەی کە لە پەرتوکەکاندا هەن لە خزمەتی پڕۆسەی پەروەردە و خودی فێرخوازاندایە؟ ئەم بۆچونەش لەمەوە سەرچاوە دەگرێت کە بابەتی جیۆگرافیا خۆی لە خۆیدا پێویستی بە تێگەیشتنە لە چەمکەکان لە بری لەبەرکردنی زانیارییەکان (فاضل، عبدالهادی، و منتوب، ٢٠١٩، ١٥٧٨)

جیهان لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا لە پێشبرکێ و پێشکەوتنی بەردەوامدایە بۆ ئەم مەبەستە پێویستە پڕۆسەی فێرکردن هاوشانی ئەم پێشکەوتنە لە پەرتوکەکانی خوێندنی پەروەردەیی و لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و لە سەروی ئەوانەشەوە لە پەرتوکە جیۆگرافیەکاندا بەدیبکرێت، لەم نێوەندەشدا پێویستە پەرتوکەکانی خوێندن گوزارشت بێت لە کۆمەڵێ پرسیار کە لە بیری توێژەراندا پەنگی خواردۆتەوە وەک:

١. ئایا ناوەڕۆک و زانیارییەکانی بابەتەکانی جیۆگرافیای قۆناغی ئامادەیی لەگەڵ ئاستی زانستی و پێشکەوتنی ئەم سەردەمە دەگونجێت؟
٢. تا چەند مامۆستایان لە بابەتی جیۆگرافیای قۆناغی ئامادەیی ڕازین.
٣. ئاخۆ پەرتوکی جیۆگرافیا خزمەت بە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەکات.

### ١.١ گرنگی بابەتەکە:

گرنگی بابەتی لێکۆڵینەوەکە لەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئامانجی هەڵسەنگاندنی بابەتی جیۆگرافیا بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی ئەرێنی و نەرێنی پەرتوکی خوێندنە، کە لە کۆتاییدا بەرپرسە لە پێگەیاندنی کادیرێکی پێشکەوتو بۆ کۆمەڵگا، ئەم کارەش لە ڕێگەی دەرخستنی لایەنی هێز و توانستی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەردەرکەوێت، کە لەم نێوەندەدا بابەتی جیۆگرافیا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە تاکەوە هەیە کە دواجار فێرکردنێکی باش و ڕاست هەوێنی پەروەردەکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروستە (دنیا، ١٩٨٢، ٧)، چونکە وەک دەزانین جیۆگرافیا یەکێکە لەو زانستانەی کە گرنگی بە

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٤، ژمارە ١ (٢٠٢١)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٧ ئاب ٢٠٢١؛ پەسەندکردن: ١ تشرینی دووەم ٢٠٢١
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٧ کانوونی یەکەم ٢٠٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: luqman.omer@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢١ لوقمان وەسۆ عمر، کاوە عەلی داودی، بەهات عبد الرزاق سعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp137-143

پەیوەندی و کارلێکی نێوان تاک و ئەو ژینگەیەی کە تیایەتی دەدات ، (عمران خ.، ٢٠١١، ٤٢) کەواتە جیۆگرافیا ڕوانگەیەکە بۆ دروستکردن و دەرخستنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەوروبەر کە لە چوارچێوەی کارلێک و کارلێکراو دەخولێتەوە، واتە کار لە ژینگە دەکات و دەکەوێتە ژێر کاریگەری ژینگەش هەربۆیە دەکرێت بڵێین کە نوسین و باسکردن لە سەر بابەتی جیۆگرافیا بە گشتی و هەڵسەنگاندنی پەرتوکەکانی تایبەت بەم بابەتە، گرنگی تایبەتی خۆی لە بەرەو پێشبردن و باشکردنی پرۆسەی پەروەردە و گەیاندنی زانیارییەکان بە باشترین شێوە هەیە.

دەستنیشانکردنی مامۆستا وەک هەڵسەنگێنەری سەرەکی بۆ بابەتی لێکۆڵینەوەکە، دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕبونی توێژەران بە ئاستی بەرپرسیارییەتی مامۆستا لە ناو پۆلدا لە چۆنیەتی گەیاندنی زانیارییەکان و ئەو شێوازە پەروەردەییانەی کە لە پەرتوکەکاندا درکی پێ دەکات، هەربۆیە توێژەران ڕاوبۆچونی مامۆستایانیان بە سەنگی مەحەک و بە خاڵی یەکلاکەرەوە و چەقی هەڵسەنگاندنی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پەرتوکی جیۆگرافیا داناوە.

### ٢.١ ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە:

١. ئاشکراکردنی بۆچونی مامۆستایانە بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە گونجاوی پەرتوکەکانی جیۆگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی

٢. ئاشکراکردنی بون یان نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان بۆچونی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوەکانی ( ڕەگەز- ساڵانی خزمەت - پۆلەکان کە وانەی تیادا دەڵێنەوە )

٣. ئاشکراکردنی بۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە بون یان نەبونی بڕگەکانی ڕەهەندەکانی ( پێشەکی، هونەری، ناوەڕۆک، چالاکی) لە پەرتوکەکانی جیۆگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی.

## ٢. لێکۆڵینەوەکانی پێشتر و ناساندنی زاراوەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکە:

لەم باسەدا چەند لێکۆڵینەوەیەک دەخەینە بەر دیدی خوێنەران بە مەبەستی ئاشنابونیان بەمجۆرە توێژینەوانە و دواتر ئەو چەمک و زاراوانە شرۆڤە دەکەین کە پەیوەندیدارن بە باسەکەمانەوە:

### ١.٢ لێکۆڵینەوەکانی پێشتر:

١. لێکۆڵینەوەکەی القاعود:(١٩٩٥) ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی شیکردنەوەی پەرتوکی جیۆگرافیای گشتی پۆلی دەیەم بوو لە قۆناغی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایانی جوگرافیا لە ( ئەردەن) و ئامرازی توێژینەوەکە فۆرمی شیکردنەوە بووە، تیایدا ڕێبازی باسکردن و شیکردنەوە گیراوەتەبەر، کە نمونەکان ئەو زانیارییانە بون کە بۆ هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جیۆگرافیا ئاراستەی مامۆستایان کرابو، کە لە کۆتاییدا دەرکەوتووە کە ئامانجی بابەتەکە ڕون نییە و ئامرازەکانی ڕونکردنەوە و چالاکییەکان جۆراوجۆر نین .

٢. لێکۆڵینەوەی العمرو٢٠٠٧ ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی بابەتی جیۆگرافیا بو لە قۆناغی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایانی جوگرافیا کە لە شاری (ڕیاز) پراکتیک کراوە و تیایدا ڕێبازی باسکردن و شیکردنەوە گیراوەتە بەر کە لە ڕێگەی ڕاپرسی داتاکان کۆکراوەتەوە و نمونەی توێژینەوەکەش (٣٨) مامۆستای جیۆگرافیای قۆناغی ئامادەیی بون، کە ئەنجامی توێژینەوەکە بەمشێوەیە بووە کە زۆربەی مامۆستاکان هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی تێگەیشتنی خوێندکارەکان لە ڕێگەی وەرگرتنی فیدباکیانەوە و بەکارهێنان و هەبوونی نەخشە بە گرنگ دەزانن، هەروەها دەرکەوتووە کە چالاکییەکانی دەرەوەی پۆل زۆر بە کەمی گیراوەتە بەر .

٣. لێکۆڵینەوەکەی (سمیث ٢٠١٨) ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە هەڵسەنگاندنی پەیرەوی خوێندنی بابەتی جوگرافیا بووە لە قوتابخانەکانی ئەوروپا کە توێژەر فۆرمی ڕاپرسی بەرپرسانی پەروەردە لە قوتابخانەکانی ئەنجومەنی ئەوروپا دابەشکردووە، کە ڕاپرسیەکە سەرجەم پسپۆڕانی پەروەردەی گرتۆتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی پەیرەوی فێرکردن لە ئەوروپا کە لێکۆڵینەوەکە گەیشتووە بە ئەمانە "کێشە لە ئامانجی پەیرەوی بابەتی جوگرافیا هەیە، کە بەمشێوازەی کە پەیرەو دەکرێت لەو کاتەدا یارمەتی خوێندکار نادات کە لە ڕوی ئەکادیمیەوە سەرکەوتو بن. (Smith، ٢٠١٨، ١١٢-١٢٦ ) .

بە سەرنجدان لەم لێکۆڵینەوانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن دەردەکەوێت کە جەختدەکەنەوە لە سەر:

١. گرنگیدان بە ئامرازەکانی ڕونکردنەوە لە بابەتە جیۆگرافییەکان و بەکارهێنانی نەخشە.

٢. چالاکییەکانی خوێندکاران لە ئاست داخوازییەکانی پەروەردە و فێرکردندا نین.

ئەوەی جێگەی سەرنجە و لێکۆڵینەوەکەی ئێمە بە گرنگی دادەنێت ئەوەیە، کە بڕگەکانی ئەم توێژینەوەیە بە شێوازێکی گشتگیرانە سەرجەم بوارەکانی هونەری و زانستی و پەروەردەیی لەخۆ دەگرێت .

### ٢.٢ ناساندنی زاراوەکانی پەیوەست بە لێکۆڵینەوەکە:

#### ١. پەرتوکی خوێندن:

سەرەڕای هەبونی چەندین پێناسەی جۆراوجۆر دەربارەی پەرتوکی خوێندن (الكتاب المدرسي)، بەڵام زۆربەی توێژەران لە سەر ئەوە کۆکن کە پەرتوکی خوێندن یەکێکە لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێربون و فێرکردن، هەر بۆیە لێرەدا بە مەبەستی تێگەیشتن و بەرچاوڕونی چەند پێناسەیەک دەخەینە ڕو:

أ. (Good) لە فەرهەنگی پەروەردەییدا بەمشێوەیە پێناسەی کردووە: ئەو پەرتوکەیە، کە بابەتێکی دیاریکراوی خوێندن بە شێوازێکی تایبەت لەخۆدەگرێت بە مەبەستی سود گەیاندن بە ئاستێکی دیاریکراوی خوێندن، کە وەک سەرچاوەیەکی گرینگی زانیاری بەکاردەهێنرێت. (Good، ١٩٧٣،٢٦).

ب. لە قاموسی تایبەت بە زاراوەکانی پێداگۆجی و دیداکتیکی و سایکۆلۆجی بەمشێوەیە هاتووە کە: ئەو هەست و هۆشەیە کە بابەتی فێرکردن دەگرێتەخۆ لە ڕێگەی گریمانەوە کە بە ئامێرێک یان یەکێک لە ئامێرەکان بە لانی کەم دەتوانێت وا لە خوێندکار بکات کە توانای گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراوی هەبێت (غریب، ٢٠٠٦، ٥٧٥).

توێژەران پێیان وایە کە پەرتوکی خوێندن بریتییە لەو کەرەسەی کە بە هۆیەوە کۆمەڵێ زانیاری و داتا لە ڕێگەی هەریەک لە تێکست و خشتە و وێنە و شێوە و دۆکیومێنتارییەوە دەخرێنە بەردەم خوێندکار بە مەبەستی کارئاسانی بۆ تێگەیشتن لە چەمک و زاراوە و زانیارییەکانی کە لە ئاستێکی دیاریکراو خراونەتەڕو.

#### ٢. جیۆگرافیا:

وشەی جیۆگرافیا (Geography) سەرچاوەکەی بۆ سەردەمی شارستانیەتی یۆنانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp137-143

دەگرێتەوە، کە لە دو بڕگە پێکهاتووە ئەوانیش (Geo) بە مانای زەوی و (Graphs) بە مانای باسکردن دێت، کەواتە ماناکە بە لێکدراوی دەبێتە (باسکردنی زەوی) (المقفر، ٢٠٠٥، ٧٤). بە مەبەستی ناساندنی زیاتر لێرەدا ئاماژە بە پێناسەیەکی گشتگیر دەکەین کە لە لایەن (السید) کراوە، دەڵێت: "جیۆگرافیا ئەو زانستەیە کە لە ژینگەی سروشتی و مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و کارلێک و پەیوەندی نێوانیان شرۆڤە دەکات" (السید، ٢٠١٦، ١٥).

بە بۆچونی ئێمە جیۆگرافیا ئەو زانستەیە کە لە دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی سەر زەوی دەکۆڵێتەوە و شیکردنەوە بۆ هۆکارەکانی دروستبون و دابەشبونی جیۆگرافیان دەکات و پەیوەندی و کارلێکی نێوانیان شرۆڤە دەکات .

**٣. قۆناغەکانی خوێندنی پۆلی١٠ ، ١١ و ١٢**

أ. قۆناغی پۆلی ١٠ی ویژەیی: یەکەم قۆناغی خوێندنی ئامادەییە کە لە دوای قۆناغی ناوەندی دێت – کە ئەم قۆناغە ٣ ساڵ دەخایەنێت- کە بابەتی جیۆگرافیای گشتی (سروشتی و مرۆیی) لەم قۆناغەدا دەخوێندرێت.

ب. قۆناغی پۆلی ١١ی ویژەیی: ئەم قۆناغە دەکەوێتە ناوەڕاستی قۆناغی ئامادەیی کە لەم قۆناغەشدا جیۆگرافیای سروشتی بە سەرجەم لقەکانییەوە بە چەند بەشێکی جیاواز دەخوێندرێت.

ج. قۆناغی پۆلی ١٢ی ویژەیی: دوا قۆناغی ئامادەیی و قۆناغی پێش خوێندنی باڵایە کە لەم قۆناغەدا پەرتوکی جیۆگرافیای ئابوری بۆ هەمو جیهان وەک لقێکی جیۆگرافیای مرۆیی دەخوێندرێت.

**سێیەم: هەڵسەنگاندن:**

هەردو توێژەر(ابو تالیب و رشراش) بەمشێوەیە پێناسەی هەڵسەنگاندنیان کردووە: ( حوکمێکی بە بنەمایە و لە رێگەی کرداری هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردەی زانستییەوە دەستمان دەکەوێت (ابوطالب و رشراش، ٢٠٠١، ١٦٢).

لە لایەکی تر (دلیم) و هاوەڵەکانی بەمشێوەیە ئاماژەیان بە هەڵسەنگاندن کردووە کە: "پرۆسەیەکی پێوەرییە بۆ دەستنیشانکردن و پاراستن و چارەسەرکردن، کە ئامانج بریتییە لە دۆزینەوەی لایەنی بەهێز و لاواز بە مەبەستی پێشخستنی پرۆسەی فێربون و فێرکردن" (عمران، الجواد و الدلیم، ١٩٨٨، ٥٧).

لە توێژینەوەیەکدا دو پێناسە بۆ زاراوەی هەڵسەنگاندن دەخاتەڕو کە یەکێکیان تیۆرییە و ئەوی تریان ڕێککارییە بەمشێوەیەی خوارەوە (محمد، ٢٠١٢، ١١٦).

**پێناسەی تیۆری:**

١. بۆ هەڵسەنگاندن: بریتییە لە بڕیاردانی مامۆستایان سەبارەت بە ئاستی بەهێزی یان لاوازی ئەو پەرتوکە بە پێی بڕگەکانی بەکارهاتو.

٢. پێناسەی ڕێککاری بۆ هەڵسەنگاندن: بریتیە لە کۆی ئەو نمرانەی کە ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنن لە سەر وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی ئەو ئامرازەی کە لە توێژینەوەک بەکارهاتووە.

توێژەران پێیان وایە کە هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی پێوەری گشتگیرە، کە بە هەردو بواری تیۆری و ڕێککاری بە دوای ئامانجی چاکسازی ڕێکخراو دان بۆ دەستنیشانکردنی لایەنی باش و لاوازەکانی ئەو بوارەی یان ئەو بابەتەی کە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت .

## ٣. ڕێککارییەکانی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم بەشە تایبەتە بەو ڕێبازانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان پەیڕەومان کردون و ئەو هەنگاوانەی کە توێژەران بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم باسە گرتومانەتە بەر، بۆ ئەم مەبەستەش پشتمان بەستووە بە ڕێبازی باسکردن (وێفی) بۆ خستنەڕوی ئەو چەمکانەی کە پەیوەستن بە باسەکەمان و هەروەها ڕێبازی شیکردنەوە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو داتایانەی کە دوای کێوماڵکردنی خوێندنگا ئامادەییەکان لە سنوری شاری کۆیە دەستمان کەوتون. هەر بۆیە لێرەدا دەکرێت بڵێین، کە ئەنجامەکانی ئەمجۆرە باسانە زۆربەی کێشە پەروەردەییەکان چارەسەردەکات لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی ئەو کەموکوری و زانیارییانەی کە دەربارەی کێشەکان لە پەرتوکەکاندا هەن (الزوبعی و الغنام، ١٩٨١، ٥٣-٥٦) .

لەم باسەدا هەوڵدەدەین کە تەوەرەکان و هەنگاوەکانی ئەم باسە بەمشێوەیە بخەینەڕو:

### ١.٣ کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکە:

کۆمەڵگای لێکۆڵینەوەکەمان سەرجەم ئەو مامۆستایانە دەگرێتەوە کە لە سنوری پەروەردەی کۆیە لە شاری کۆیە لە خوێندنگا ئامادەیی و دواناوەندییەکاندا بابەتی جیۆگرافیا دەڵێنەوە.

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران هەڵساون بە سەردانیکردنی خوێندنگاکان لە شاری کۆیە و کە ژمارەیان (٦)خوێندنگا بووە.

ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە بەشدار بوون لە هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩- ٢٠٢٠ گەیشتۆتە (٢٢) مامۆستا.

### ٢.٣ سنوری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری لێکۆڵینەوەکەمان بریتییە لە پەرتوکەکانی جیۆگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی و دواناوەندییەکان بۆ پۆلی (١٠ و ١١ و ١٢) بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠١٩-٢٠٢٠.

### ٣.٣ سامپڵی لێکۆڵینەوەکە:

لەبەرئەوەی کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان مامۆستایانی ئامادەیی و ئامادەیی قوتابخانەکانی شاری کۆیە بووە، هەر بۆیە هەوڵدراوە کە سەرجەم مامۆستاکانی ئامادەیی و ئامادەیی بابەتی جیۆگرافیا بەشدار بن لە هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکان و بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران سەردانی یەکە بە یەکەی خوێندنگاکانیان کردووە، کە ژمارەیان (٦) خوێندنگا بووە و تیایدا (٢٢) فۆڕم دابەشکراوە بە سەر (٢٢) مامۆستا کە لە خشتەی ژمارە (١) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی (١)

شوێن و ژمارەی نمونەی لێکۆڵینەوەکە

| خوێندنگا ئامادەییەکان | ژمارەی مامۆستایان بە گوێرەی پۆلەکان | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پۆلی ١٠ | پۆلی ١١ | پۆلی ١٢ | کۆ |
| شاری کۆیە | ٨ | ٧ | ٧ | ٢٢ |
| کۆ | | ٢٢ | | |

### ٤.٣ ئامرازی لێکۆڵینەوەکە:

وەك دەردەکەوێت کە ئامانج لەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی پەرتوکی جیۆگرافیای قۆناغی ئامادەییە، بەم پێودانگەش توێژەران (٤) ڕەهەندی سەرەکییان خستۆتە بەردەم هەڵسەنگێنەران کە دابەشکراوە بە سەر (٤٢) پرسیار و بڕگەوە، وەك لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژەیان پێکراوە، هەربۆیە توێژەران بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوە هەڵساون بە دەرخستنی ڕای مامۆستایان بۆ هەڵسەنگاندنی پەرتوکی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp137-143

جیۆگرافیا لە ڕوانگەی خودی ئەو کەسانەی کە بابەتەکانی جیۆگرافیا دەڵێنەوە بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

خشتەی (٢)
ژمارەی بڕگەکان بۆ هەر ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکان

| ڕەهەندەکان | پێشەکی | هونەری | ناوەڕۆك | چالاکی |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی برگە | ١٠ | ٨ | ١٦ | ٨ |
| کۆی گشتی برگەکان | | ٤٢ | | |

١. ڕاستگۆیی ئامرازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕاستگۆیی ئامراز بریتییە لە توانستی ئەو پێوەرەی کە بۆ ئەم مەبەستە گیراوەتە بەر (داود و انور، ١٩٩٠، ١١٨). ئەم پێوەرەش بە مەرجێکی سەرەکی دادەنرێت لەو مەرجانەی کە پێویستە لە ئامرازەکانی توێژینەوەدا لە توێژینەوە پەروەردەییەکاندا هەبن. لە بەر ئەوەی ڕاستگۆیی زۆر و جۆراوجۆرە لێرەدا توێژەران ڕاستگۆیی ڕواڵەتیان بە بنەمای پێوەری ڕاستگۆیی بۆ بابەتەکە وەرگرتووە کە، لە ڕێگای وەرگرتنی ڕاو سەرنجی پسپۆڕانەوە تا گەیشتین بەم ئەنجامەی کە لە توێژینەوەکەماندا پەیڕەوکراوە، لەم بارەیەوەش پسپۆران پێیان وایە کە باشترین ڕێگا بۆ دەرخستنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بریتییە لە وەرگرتنی ڕاو بۆچونی کۆمەڵێ شارەزا و پسپۆر لە بوارەکەدا، کە دەستنیشانی ئاستی ڕاستی و دروستی پێوەرەکان بکات.( Ebel، ١٩٧٢، ٦٦٧) هەربۆیە توێژەران بۆچونی (٥) کەسی پسپۆریان وەک ڕاستگۆیی ڕواڵەتی وەرگرتووە کە شێوازی کۆتایی خۆی بەم دۆخە گەیاندووە کە لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوکراوە.

٢. جێگیری ئامرازەکە:

بە مەبەستی دەستنیشانکردنی جێگیری ئامرازەکە، توێژەران فۆرمی هەڵسەنگاندنیان بە سەر (٢٢) مامۆستادا دابەشکرد، کە ژمارەی گشتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە و نمونەی توێژینەوەکە بون و لە ڕێگای پرۆگرامی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان تەکنیکی ئەلفا کرونباخ (Alpha Cronbach) بەکارهێنرا بۆ ئاشکراکردنی ڕادەی گونجاوی بڕگەکانی هەر ڕەهەندێک لە پێوانەکە لەگەڵ یەکتردا و لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بڕگەکان لە سەرجەم ڕەهەندەکان بە ئاستێکی باش لەگەڵیان گونجاون، هەروەک لە خشتەی ژمارە (٣) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٣)
جێگیری ڕەهەندەکانی پێوانەکە

| ڕەهەندەکان | ژمارەی برگە | بەهای جێگیری ئەلفاکرونباخ |
|---|---|---|
| پێشەکی | ١٠ | ٠.٨٧ |
| هونەری | ٨ | ٠.٦٢ |
| ناوەڕۆك | ١٦ | ٠.٥٨ |

### ٥.٣ ئامرازە ئامارییەکان :

١. بەکارهێنانی ئەلفاکرونباخ (Alpha Cronbach) بۆ دیاریکردنی جێگیری ڕەهەندەکانی پێوانەکە.
٢. تێتێستی یەک گروپ (One- Sample – T.test) بۆ بەراوردکردنی تێکرای نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ تێکرای گریمانی پێوانەکە.
٣. تێتێستی دو گروپی سەربەخۆ (Independent- Samples –T.test) بۆ بەراوردکردنی تێکرای بۆچونی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ) و ساڵانی خزمەت (٦- ١٠) ساڵ و (زیاتر لە ١٠ ساڵ).
٤. ئەنۆڤا ( One – way ANOVA) بۆ بەراوردکردنی بۆچونی مامۆستایانی بە پێی پۆلەکانی (١٠-١١-١٢).
٥. تێکرای یەکلاکەرەوە (The Weighted Mean) بۆ ئاشکراکردنی بۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە گونجاوی پەرتوکەکان بە پێی بڕگەکانی هەریەک لە ڕەهەندەکانی (پێشەکی، هونەری، ناوەڕۆک، چالاکییەکان).

## ٤. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

لەم باسەدا ئەنجامەکانی (لێکۆڵینەوەکە) دەخرێتەڕو، کە بە پێی ئامانجەکانی (لێکۆڵینەوەکە) ئەو زانیاریانەمان دەستکەوتووە کە لە خوارەوە هاتووە:

**یەکەم:** سەبارەت بە ئامانجی یەکەم کە بریتی بو لە (ئاشکراکردنی بۆچونی مامۆستایان بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە گونجاوی پەرتوکەکانی جیۆگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی) و دوای بەکارهێنانی (One-Sample Statistics) بۆ بەراوردکردنی تێکرای سامپڵی توێژینەوەکە لەگەڵ تێکرای گریمانی[i] پێوانەکە دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوانیان هەیە، بە ئاستی هەڵەی (٠.٠٥) و بەهای تائی بریتی لە (٦.٩٣ ) هەر وەک لە خشتەی ( ٤ ) ڕونکراونەتەوە، واتا بە شێوەیەکی گشتی مامۆستایان پێیان وایە پەرتوکەکانی لە ئاستی پێویستدا نین.

خشتەی (٤)
بۆچونی مامۆستایان بە شێوەیەکی گشتی

| ژمارەی نمونە | تێکرای نمونە | لادانی پێوەری | تێکرای پێوەری پێوانە | بەهای تائی | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٢ | ٧١.٧٧ | ٨.٢٧ | ٨٤ | ٦.٩٣ | ٢١ | ٠.٠٥ |

**دووەم:** سەبارەت بە ئامانجی دووەم کە بریتی بو لە (ئاشکراکردنی بون یان نەبونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان بۆچونی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز - ساڵانی خزمەت - پۆلەکان کە وانەی تیادا دەڵێنەوە) ئەنجامەکانی بەمشێوەی خوارەوە بون:

١. سەبارەت بە گۆڕاوی ڕەگەز دوای بەکارهێنانی تێتێستی دو گروپی سەربەخۆ (Independent- Samples –T.test) بۆ بەراوردکردنی تێکرای مامۆستایانی (نێر) و (مێ) دەرکەوت، کە بەهای تائی بریتییە لە (٠.٥١) واتا هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان بۆچونی مامۆستایان بە پێی ڕەگەزیان نییە ، واتا سەرجەم مامۆستایانی نێر و مێ پێیان وایە پەرتوکەکان لە ئاستی پێویستدا نین و کەموکوورییان هەیە، هەروەک لە خشتەی (٥) ڕونکراوەتەوە.

خشتەی (٥)
جیاوازی نێوان مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی (ڕەگەز)

| گروپەکان | ژمارەی مامۆستایان | تێکرا | لادانی پێوەری | بەهای تائی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| نێر | ٨ | ٧٣ | ٧.٩١ | ٠.٥١ | ٠.٠٥ |
| مێ | ١٤ | ٧١ | ٨.٦٨ | | |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp137-143

٢. سەبارەت بە گۆڕاوی ساڵانی خزمەت دوای بەكارهێنانی تیتێستی دو گروپی سەربەخۆ (Independent- Samples –T.test) بۆ بەراوردكردنی تێكرای مامۆستایانی (نێر) و (مێ) دەركەوت كە بەهای تائی برتییە لە (١.٧٥)، واتا هیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان بۆچونی مامۆستایان بە پێی ساڵانی خزمەتیان نییە ، واتا سەرجەم مامۆستایان پێیان وایە پەرتوكەكان لە ئاستی پێویستدا نین و كەموكووریان هەیە، هەروەك لە خشتەی (٦) ڕونكراوەتەوە.

خشتەی (٦)

جیاوازی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوی ( ساڵانی خزمەت)

| ساڵانی خزمەت | ژمارەی مامۆستایان | تێكرا | لادانی پێوەری | بیویستە لەم خشتەیەدا ئامازە بە بەهای تائی خشتەكی بكرێت ؟ | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| ٦-١٠ ساڵ | ٨ | ٦٨.٢٢ | ٦.٩٢ | یان لە بتراوركردنتكە باسي بكات . | ٠.٠٥ |
| ١٠ - زیاتر | ١٤ | ٧٤.٢٣ | ٨.٤٧ | | |

٣. سەبارەت بە گۆڕاوی پۆلەكانی خوێندن دوای بەكارهێنانی ئەنۆڤا ( One – way ANOVA) بۆ بەراوردكردنی بۆچونی مامۆستایان بە پێی پۆلەكانی ( ١٠ -١١-١٢) دەركەوت، كە بەهای فائی برتییە لە (٠.٨٧)، واتا هیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان بۆچونی مامۆستایان بە پێی پۆلەكان كە وانەی تێدا دەڵێنەوە نییە و سەرجەم مامۆستایانی پۆلەكانی (١٠ – ١١ – ١٢) پێیان وایە پەرتوكەكان لە ئاستی پێویستدا نین و كەموكووریان هەیە، هەروەک لە خشتەی (٧) و (٨) ڕونكراوەتەوە.

خشتەی (٧)

جیاوازی مامۆستایان بە پێ گۆڕاوی ( پۆلەكان)

| پۆلەكان | ژمارەی ئەندام | تێكرا | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| دە | ٨ | ٧١.٥٠ | ٥.٢٩ |
| یانزە | ٧ | ٧٢.٨٥ | ٩.٢٨ |
| دوانزە | ٧ | ٧١ | ١٠.٧٥ |
| كۆ | ٢٢ | ٧١.٧٧ | ٨.٢٧ |

خشتەی (٨)

بەهاي فائی نێوان گروپەكان

| | كۆی دووجارەكان | نمرەی ئازادی | لادانی پێوەری | بەهای فائی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|
| نێوان گروپەكان | ١٣.٠٠٦ | ٢ | ٦.٥٠٣ | ٠.٨٧ | ٠.٩١ |
| لە ناو گروپەكان | ١٤٢٤.٨٥٧ | ١٩ | ٧٤.٩٩٢ | | |
| كۆ | ١٤٣٧.٨٦٤ | ٢١ | | | |

**سێیەم:** سەبارەت بە ئامانجی سێیەم كە بریتی بوو لە (ئاشكراكردنی بۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە بون یان نەبونی بڕگەكانی ڕەهەندەكانی ( پێشەكی، هونەری، ناوەڕۆک، چالاكی) لە پەرتوكەكانی جیۆگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی) دوای دیاریكردنی تێكرای یەكلاكەرەوە (The Weighted Mean) و كێشی سەدی بۆ بڕگەكانی ڕەهەندەكان، ئەنجامەكان بەمشێوەی خوارەوە بو:

١. سەبارەت بە ڕەهەندی پێشەكییەكانی پەرتوكەكان بۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە بون و نەبونی بڕگەكان بەو جۆرە بو كە لە خشتەی ژمارە (٩) هاتووە.
٢. سەبارەت بە ڕەهەندی هونەری پەرتوكەكان بۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە بون و نەبونی بڕگەكان بەو جۆرە بو كە لە خشتەی ژمارە ( ١٠ ) هاتووە.
٣. سەبارەت بە ڕەهەندی ناوەڕۆكی پەرتوكەكان بۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە بون و نەبونی بڕگەكان بەو جۆرە بو كە لە خشتەی ژمارە (١١) هاتووە.
٤. سەبارەت بە ڕەهەندی چالاكییەكانی پەرتوكەكان بۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە بون و نەبونی بڕگەكان بەو جۆرە بو كە لە خشتەی ژمارە ( ١٢) هاتووە.

خشتەی (٩)

پلەبەندی بونی بڕگەكانی ڕەهەندی پێشەكی لە پەرتوكەكانی جیۆگرافیا

| پلەكان | برگە پێوەرییەكان | ریزبەندی برگەكان لە پێوانەكە | تێكرای یەكلاكەرەوە | كێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| یەكەم | گرنگی بابەتەكە بۆ مامۆستا و خوێندكار ڕوندەكاتەوە | ٥ | ٢.٠٤ | ٦٨ |
| دووەم | حەزو ئارەزووەكانی خوێندكار بۆ بابەتەكە دەوروژێنێت | ٤ | ١.٦٨ | ٥٦ |
| سێیەم | پەرتوكەكە ڕوندەكاتەوە بەشەكانی | ١ | ١.٦٣ | ٥٤.٣٣ |
| سێیەم | ڕێچكەی ڕێكخستن و پۆلێنكردنی پەرتوكەكە دەخاتەڕو | ٨ | ١.٦٣ | ٥٤.٣٣ |
| چوارەم | بنەمای پەروەردەیی تێدایە | ٣ | ١.٥٩ | ٥٣ |
| چوارەم | ماندوبونی خوێندكار و مامۆستای لەبەرچاوگرتووە | ٧ | ١.٥٩ | ٥٣ |
| پێنجەم | كورتەیەك لە ناوەڕۆك دەخاتەڕوو | ٢ | ١.٥٥ | ٥١.٦٦ |
| شەشەم | ڕێنیشاندەرێكە بۆ مامۆستا دەربارەی پەرتوكەكە | ١٠ | ١.٥ | ٥٠ |
| حەوتەم | ئاماژە بە سەرچاوەی زانستی تر دەكات بۆ پشتپێبەستن و فێربوون و ئاراستەكردنی خوێندكار بۆ خوێندنەوەیان | ٦ | ١.٤٥ | ٤٨.٣٢ |
| هەشتەم | ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ خوێندكاران تیادایە | ٩ | ١.٢٢ | ٤٠.٦٦ |

خشتەی (١٠)

پلەبەندی بونی بڕگەكانی ڕەهەندی هونەری پەرتوكەكانی جیۆگرافیا

| پلەكان | بڕگە پێوەرییەكان | ڕیزبەندی بڕگەكان لە پێوانەكە | تێكڕای یەكلاكەرەوە | كێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| یەكەم | ناونیشانە سەرەكییەكان بە ڕونی دیارە و جیاكراوەتەوە لەگەڵ ناوەڕۆك | ٧ | ٢.٤١ | ٨٠.٣٣ |
| دووەم | جۆری كاغەزی پەرتوكەكە باشە و لەگەڵ قەبارەی پەرتوكەكە شیاوە | ٥ | ٢.٣١ | ٧٧ |
| سێیەم | ئامرازەكانی ڕونكردنەوەی بابەتەكە لە (نەخشە، خشتە، وێنە، شێوە) بە ڕونی دیارە | ٦ | ٢.٠٩ | ٦٩.٦٦ |
| چوارەم | قەبارەی پیتەكان گونجاوە بۆ خوێندنەوە | ٤ | ٢.٠٤ | ٦٨ |
| پێنجەم | ڕێزبەندی پەرەگرافەكان و ناوەڕۆك و نوسینەكە گونجاوە | ٨ | ٢ | ٦٦.٦٦ |
| پێنجەم | پیتەكان زۆر بە ڕونی نوسراون و هەڵەی ڕێزمانی تێدا نییە | ٣ | ٢ | ٦٦.٦٦ |
| شەشەم | دیزاینی پەرتوكەكە پەیوەندی هەیە بە زانستی جیۆگرافیا و لەگەڵ ناوەڕۆك دێتەوە | ٢ | ١.٨٦ | ٦٢ |
| حەوتەم | بەرگی دەرەوەی پەرتوكەكە سەرنجڕاكێشە | ١ | ١.٥ | ٥٠ |

خشتەی (١١)

پلەبەندی بونی بڕگەکانی ڕەهەندی ناوەڕۆکی پەرتوکەکانی جیۆگرافیا

| پلەکان | برگە پێوەرییەکان | ڕیزبەندی بڕگەکان لە پێوانەکە | تێکرای یەکلاکەرەوە | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | زانیارییەکان دوبارە نین | ٣ | ١.٩٥ | ٦٥ |
| دووەم | هاوسەنگی لە نێوان بواری بیرکردنەوە و شارەزایی تیادایە | ١٠ | ١.٩١ | ٦٣.٦٦ |
| سێیەم | قەبارەی زانیارییەکان گونجاوە لەگەڵ ئەو یەکانەی کە بۆ خوێندنی ساڵێك یان وەرزێك دانراون | ٥ | ١.٩٠ | ٦٣.٣٣ |
| چوارەم | لەگەڵ ئاستی ژیری خوێندکار گونجاوە | ١٦ | ١.٨٦ | ٦٢ |
| پێنجەم | ئامرازەکانی ڕونکردنەوە (خشتە و نەخشە و وێنە و هێلکارییەکان) لە شوێنی گونجاون | ٢ | ١.٧٧ | ٥٩ |
| شەشەم | خشتەکان ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە پێوە دیارە | ١٣ | ١.٧٣ | ٥٧.٦٦ |
| حەوتەم | گرنگی بە ناساندنی زاراوەکان داوە و لیستێکی بۆ زاراوە نامۆکان دروست کردووە | ٧ | ١.٧١ | ٥٧.٣٣ |
| هەشتەم | چەندین جۆر بواری بیرکردنەوە بۆ خوێندکار دەرەخسێنێت | ١١ | ١.٦٣ | ٥٤.٣٣ |
| نۆیەم | زانیارییەکان بۆ شێوەیەکی زنجیرەیی و تەواوکەری یەکتر ڕێکخراون | ٩ | ١.٥٩ | ٥٣ |
| دەیەم | ناوەڕۆکی ڕاهێنانی بۆ کارکردن بە گروپی تێدایە | ١٢ | ١.٥٤ | ٥١.٣٣ |
| یانزەیەم | هاوسەنگی لایەنی تیۆری و پراکتیکی تیادا جێبەجێبووە | ٦ | ١.٥ | ٥٠ |
| یانزەیەم | پرسیاری زۆر دەخاتەڕو بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکە | ٨ | ١.٥ | ٥٠ |
| دوانزەیەم | لە ڕوی کارتۆگرافییەوە نەخشەکان لە ئاستێکی بەرزدان و لایەنی زانستی ڕەچاوکردووە | ١٤ | ١.٤٥ | ٤٨.٣٣ |
| سانزەیەم | هێلکاری و وێنەکان بەگوێرەی پێویست لە پەرتوکەکەدا ئاماژەی پێکراوە | ١٥ | ١.٣٦ | ٤٥.٣٣ |
| چواردەیەم | گرێدراوەی سروشتی ژینگەی هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگای کوردییە | ٤ | ١.٣١ | ٤٣.٦٦ |
| پانزەیەم | نوێکاری تیادایە و لەگەڵ زانستی سەردەمدا گونجاوە | ١ | ١.٢٢ | ٤٠.٦٦ |

خشتەی (١٢)

پلەبەندی بونی بڕگەکانی ڕەهەندی چالاکییەکان لە پەرتوکەکانی جیۆگرافیا

| پلەکان | برگە پێوەرییەکان | ڕیزبەندی بڕگەکان لە پێوانەکە | تێکڕای یەکلاکەرەوە | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| یەکەم | وا پێویست دەکات بۆ ئەنجامدانی هەندێك لە چالاکییەکان گەشتی زانستی ئەنجامبدرێت | ٢ | ٢.٥ | ٨٣.٣٣ |
| دووەم | چالاکییەکان بەجۆرێکن وا لە خوێندکاران دەکات پاڵنەری فێربونیان بەرزبێتەوە | ٨ | ٢ | ٦٦.٦٦ |
| سێیەم | چالاکییەکان بە جۆرێکن کە زانیاری بە بیر خوێندکار دەهێنێتەوە | ٧ | ١.٩٥ | ٦٥ |
| چوارەم | چالاکییەکان لەگەڵ ناوەڕۆکی پەرتوکەکە گونجاوە | ٤ | ١.٩١ | ٦٣.٦٦ |
| پێنجەم | چالاکییەکان لەگەڵ ئامانجە فێرکارییەکاندا گونجاون | ١ | ١.٨٦ | ٦٢ |
| شەشەم | چالاکییەکان لەگەڵ ژیان و ژینگەی ڕاستەقینەی خوێندکار گونجاوە | ٣ | ١.٧٢ | ٥٧.٣٣ |
| حەوتەم | ڕۆلی خوێندکار بۆ ئەنجامدانی چالاکیەکان ڕون و ئاشکرایە | ٥ | ١.٦١ | ٥٣.٦٦ |
| هەشتەم | چالاکییەکان لەگەڵ کاتی تەرخانکراو بۆ وانەکە گونجاوە | ٦ | ١.٥٤ | ٥١.٣٣ |

## ٥. ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

لەم باسەدا توێژەران بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەك ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکەن بە مەبەستی پەرەپێدان بە پەرتوکی بابەتی جیۆگرافیا لە پۆلەکانی (١٠-١١-١٢)ی دواناوەندی و ئامادەیەکان، هەروەها چەند پێشنیازێك دەخەنەڕو وەك پڕۆژەی توێژینەوەی دیکە، کە تەواوکەری ئەم توێژینەوە بێت.

### ١.٥ ڕاسپاردەکان:

توێژەران داواکارن لە وەزارەتی پەروەردە لە پرۆسەی دانانی پەرتوکەکانی جیۆگرافیای پۆلەکای (١٠-١١-١٢)ی قۆناغی دواناوەندی و ئامادەیی ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکات:

١. دانانی ڕێنیشاندەر بۆ مامۆستا دەربارەی پەرتوکەکە.

٢. ئاماژەکردن بە سەرچاوەی زانستی تر بۆ پشتپێبەستن و فێربون و ئاڕاستەکردنی خوێندکار بۆ خوێندنەوەیان.

٣. دانانی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بۆ خوێندکاران.

٤. دارشتن و دیزاینکردنی بەرگی دەرەوەی پەرتوکەکانی جیۆگرافیا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ فێرخوازان.

٥. ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لایەنی تیۆری و پڕاکتیکی.

٦. دانانی پرسیاری زۆر لە ناوەڕۆکدا بۆ وروژاندنی بیرکردنەوەی فێرخوازان و تێگەیشتن لە بابەتەکە.

٧. ڕەچاوکردنی لایەنی کارتۆگرافی نەخشەکان.

٨. دانانی هێلکاری و وێنە بە پێی پێویستی .

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp137-143

٩. گرێدانی سروشتی ژینگەی هەرێمی كوردستان و كۆمەڵگای كوردی بە ناوەرۆكی پەرتوكەكانەوە و تەرخانكردنی كاتی گونجاو بۆ ئەنجامدانی چالاكییەكان.

### ٢.٥ پێشنیازەكان:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی هاوشێوە لەسەر سامپڵێكی گەورەتر لە مامۆستایانی بابەتی جیۆگرافیای قۆناغی دواناوەندی و ئامادەییەكان لە شارەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی هاوشێوە لەسەر پەرتوكەكانی بابەتە كۆمەڵایەتییەكان لە پۆلەكانی(٧-٨-٩).

### ٦. لیستی سەرچاوەكان


اراق، سعيد، ٢٠٠٩، الكتاب المدرسي: اي قيم، لاي تلميذ؟، المغرب: مجلة علوم التربية، ع: ٤٠، آيار ٢٠٠٩، ص: ١١٠-١١٦ .

دنيا، محمود طنطاوي، ١٩٩١، استراتيجيات تدريس المواد الاجتماعية، الكويت: مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع.

الزوبعي، عبد الجليل ابراهيم والغنام، محمد احمد، ١٩٨١، مناهج البحث في التربية، بغداد: مطبعة جامعة بغداد، ج١.

الزوبعي، عبد الجليل ابراهيم والغنام، محمد احمد، ١٩٨١، مناهج البحث في التربية، بغداد: مطبعة جامعة بغداد، م١ .

سعيد، أبو طالب محمد وعبد الخالق، رشراش أنيس، ٢٠٠١، علم التربية التطبيقي - مناهج وتكنولوجيا تدريسها وتقويمها، بيروت: دار النهضة العربية للطباعة والنشر.

السيد، رضا محمد، ٢٠١٦، مدخل الى الجغرافية العامة- الواصفات الجغرافيا، عمان-الاردن: الأكاديميون للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى.

الطيطي، محمد وآخرون، ٢٠٠٨، التربية الاجتماعية واساليب تدريسها، عمان – الأردن: دار عالم الثقافة للنشر والتوزيع.

عمران، عبد اللطيف خالد، ٢٠١١، المهارات الوظيفية في الجغرافية في عصر المعلوماتية، مصر: العلم والايمان للنشر والتوزيع.

عمران،محمد اسماعيل والجواد، عبد الله السيد والدليم، فهد عبد الله، ١٩٨٨، مبادئ القياس والتقويم في البيئة الإسلامية، مكة المكرمة: مكتبة الطالب الجامعي.

العمرو، فهد علي عبد الرحمن، ٢٠٠٧، تقويم مادة الجغرافيا في المرحلة الثانوية من وجهة نظر معلمي الجغرافيا وموجهيها بمدينة الرياض، الرياض: رسالة ماجستير مقدمة الى كلية التربية، جامعة الملك سعود.

غريب، عبد الكريم، ٢٠٠٦، المنهل التربوي معجم موسوعي في المصطلحات والمفاهيم البيداغوجية والديداكتيكية والسيكولوجية، البيضاء: منشورات عالم التربية.

فاضل، نور حسن وعبد الهادي، شيماء حسن ومنتوب، محمد كاظم، ٢٠١٩، فاعلية استراتيجية هرم الأفضلية في تحصيل مادة الجغرافية لدى طلاب الصف الخامس الادبي، مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية والإنسانية/ جامعة بابل، ١١/ ٤٢، ص: ١٥٧٧-١٥٨٩ : http://becm-iq.com/papers/uobj_paper_2019_2163710.pdf

القاعود، ابراهيم، ١٩٩١، الدراسات الاجتماعية منهاجها و اساليبها، عمان: دار الامل للنشر والتوزيع، إصدار الطبعة الأولى.

محمد، كاوە علی، ٢٠١٢، هەڵسەنگاندنی بابەتە كۆمەڵایەتیەكان لە قۆناغی بنەرەتی لە روانگەی مامۆستایانەوە. گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژمارە ٣٤، ١١٦.

المظفر، محسن عبدالصاحب، ٢٠٠٥، فلسفة علم المكان (الجغرافيا)، عمان: دار الصفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى.

Ebel, Robert L. & Frisbie, David A., 1972, Essentials of Education and Measurement, New Delhi: Prentice Hall, 2nd Ed.

Good, Carter V. & Merkel, Winifred R & Kappa, Phi Delta, 1973, Dictionary of Education, New York: Phi Delta Kappa Educational Foundation, 3rd ed.


---

[i] تێكرای گرێمانی بریتییە لە كۆی بەهای بژاردەكان و دابەشی ژمارەی بژاردەكان و جارانی ژمارەی برگەكان، واتا ( ١+٢+٣ )÷ ٣ × ٤٢ =٨٤

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v3n2y2020.pp137-143